# پرسیارەکانی ڕێزمانی بەراورد

١-کەی و چۆن (زمانەوانی بەراورد) ڕێچکەی زانستی خۆی وەرگرت؟

٢-بەراوردی (هێنابوم) بە (اوردەبودم) بکە.

٣- بە نمونەوە جیاوازی و لایەنی لێچوی مۆرفیکانی کاتی ڕابردوی نێوان زمانی کوردی و فارسی بکە.

٤- لە ڕۆنانی (بون)ی کەینونە دو جۆر ڕابردو بێنەوە، کە لە زمانی کوردیدا هەن و لە فارسیدا نین. بە نمونەوە.

٥- بەرامبەر ئامرازی پەیوەندیی (لە)ی زمانی کوردی، لە زمانی فارسی چی بەکار دێ؟ بە نمونەی ڕستەوە لە هەردو زمانەکە.

٦- بەرامبەر ئەم کارە کوردیانەی خوارەوە تەنها کارە فارسیەکان بنوسە و بەراوردیان مەکە،

(بوم-بە)، (هێناومە)، (هەبوم)، (هەمبووە).

٧- گەر ئەم ڕستانەی خوارەوە وەربگێڕیتە سەر زمانی فارسی، لە جێی ئامرازە هێڵ بەژێرداهاتوەکان، کامە ئامرازی زمانی فارسی دادەنێی؟ تەنها ئامرازە فارسیەکە بنوسە.

- بە گوڵ پێشوازیم لێکرد. – گوڵەکە لە گوڵدانەکە ناوەشێتەوە.
- گوڵەکە لە گوڵدانەکەدایە. – بۆ کڕینی گوڵ لێرەم.

٨- دو تایبەتمەندیی (بەراوردکاری زمانەوانی) بنوسە.

٩- بەراوردی ڕابردوی دور بە (مازی بعید)ی (خاوەنداری-داشتن) بکە.

١٠- لە زمانی کوردی بۆ هەر کارێک یەک ڕەگ و لە زمانی فارسیش دو ڕەگمان هەن. بە کورتی ئەم جیاوازیە چۆنە و بە نمونەوە ڕونی بکەوە.

١١- لە ڕۆنانی (هەبون)ی وجودی (هستیدن) دو جۆر ڕابردو بێنەوە، کە لە زمانی کوردیدا هەن و لە فارسیدا نین. بە نمونەوە.

١٢- بەرامبەر ئامرازی پەیوەندیی (بۆ)ی زمانی کوردی، لە زمانی فارسی چی بەکار دێ؟ بە نمونەی ڕستەوە لە هەردو زمانەکە.

١٣- بەرامبەر ئەم کارە کوردیانەی خوارەوە تەنها کارە فارسیەکان بنوسە و بەراوردیان مەکە،

(بوبوم-بە)، (دەمهێنا)، (هەبوومە)، (هەمبو).

١٤- گەر ئەم ڕستانەی خوارەوە وەربگێڕیتە سەر زمانی فارسی، لە جێی ئامرازە هێڵ بەژێرداهاتوەکان، کامە ئامرازی زمانی فارسی دادەنێی؟ تەنها ئامرازە فارسیەکە بنوسە.

- بە  تۆپەکە یاریم دەکرد.          – لە تۆپەکە دور کەوتمەوە.
- تۆپەکە لە کوێ دانێم.          – بۆ تۆپەکە چوم.

١٥- (هەبون)ی ودودی زمانی کوردی و (هستیدن)ی فارسی لە ڕابردوی (دور؟) بەراورد بکە. بە نمونەوە.

١٦- چۆن ئامرازە پەیوەندیەکانی (برا) و (بە یان ب)ی زمانی فارسی بەرامبەر (بۆ)ی زمانی کوردی بەکار دێن؟ بە نمونەوە.

١٧- دو تایبەتمەندیی (زمانەوانی بەراوردکار) بنوسە.

١٨- بەراوردی (ڕابردوی تەواو بە مازی نقلی) لە نێوان (بون)ی کەینونەی زمانی کوردی و (بودن)ی فارسی بکە. بە نمونەوە.

١٩- یاسای ڕۆنانی (دەمهێنا) و (می اوردم) بنوسە، کە لە چی پێکهاتون؟

٢٠- بەراوردی ئەمانەی خوارەوە بکە:

خەوتومە – خوابیدەام          نوسیبوم - نویشتەبودم

٢٢- بە کورتی "کار لە ڕوی داڕشتنەوە" لە نێوان زمانی کوردی و فارسی باس بکە.

٢٣- دو ئەرکی ڕێزمانی بەراورد بنوسە.

٢٤- لە زمانی فارسیدا چوار ڕۆنانی کاری ڕابردوی ڕاگەیاندنمان هەیە، کە لە زمانی کوردیدا نین، تەنها ناوەکانیان بنوسە.

٢٥- بەراوردی (ڕابردوی ڕوت –سادە  بە مازی متلق) لە نێوان  زمانی کوردی و فارسی بکە. بە نمونەوە.

٢٦- بەراوردی (ڕابردوی بەردەوام  بە مازی مستمر) لە نێوان  زمانی کوردی و فارسی بکە. بە نمونەوە.

٢٧- جیاوازی نێوان کاری (ئاسایی) و (یاریدەدەر) چیە؟ بە نمونەوە.

٢٨- بەراوردی (ڕابردوی بەردەوام  بە مازی اسمراری)ی لە (بون)ی سەیرورە لە نێوان  زمانی کوردی و فارسی بکە. بە نمونەوە.

٢٩- بەراوردی (ڕابردوی تەواو بە مازی نقلی)ی لە (بون)ی سەیرورە لە نێوان  زمانی کوردی و فارسی بکە. بە نمونەوە.

٣٠- بەراوردی (ڕابردوی دور بە مازی بعید)ی لە (بون)ی سەیرورە لە نێوان  زمانی کوردی و فارسی بکە. بە نمونەوە.